# پاصی ژمارە حەوت

سەردار عەزیز

ژنێ ناو لیزایە، هەرگیز لە ژوان دواناکەوێ. لە ئێوارە ساردەکانی زستانا لە ویستگە چۆڵەکەدا، پێکەوە قاوەی گەرم ئەخۆینەوە و چاوەروانی پاصی ژمارە حەوت ئەکەین. هەردەم ئێواران شەقامەکە وەک دڵم چۆڵە. لە چاوەروانیا قسەئەکەین؛ قسەئەکەین و ووشەکان لە دەممانا ئەبێ بە هەڵم. لیزا هەردەم باسی رۆمانەکانی مارگرێت ئەنتوودم بۆئەکات، من هەر ئەوەندە ئەزانم ئەو دەربارەی ئەو خانمانە ئەنوسێ کە بەفەرەنسی پێیان ئەڵێن لە فامێ فەتال، یان ژنی سەربەگۆبەن.

لیزا، قژێکی هەیە وەک رۆژانی غوربەت، رەش و ئاڵسکاو درێژ. رومەتیشی لەو پەیکەرە دەگمەنانە ئەچێ جارجارێ پیکاسۆ، بۆ بەسەربردنی بێزاری دروستیەکردن. ئەو حەزئەکات؛ بە رووتی گوێ لە مۆتزارت بگرێ، بە تایبەتی سیمفۆنیای تەنیا شەوێکی بچکۆلە (ئاینە کلاینە ناخت)، لە باوەشما کتێب بخوێنێتەوە، تا درەنگێ بە دیار فلیمە ئیتالیەکانی فلینیەوە دانیشێ.

کە شەقامەکە بێدەنگ ئەبێ، بە هێمنی بە گوێما ئەچرپێنێ؛ دەربارەی ماڵەوەتان شتم پێبڵێ؟ ماڵمان لە قەراخی رووبارێکە لە بەرد، لە مەملەکەتێ لە هیچ کتێبێکا دەربارەی نەنوسراوە. ئەی دایکت؛ ژنێکە رەشپۆش، لە خەونی ئایەتولاکان ئەترسێ و بە تەنیا رۆژگارەکانی دووری من ئەژمێرێ. براکانت؛ دایکم جارجارێ منیان ئەخاتەوە یاد، من لای ئەوان گورگی بیرچونەوە خواردوومی و یوسفێکم باوکیشم خۆشی ناوێم. ئەی باوکت، من هیچ ناڵێم، کە چاوەکانی داوای وەلامم لێئەکەن، دەڵێم پیاوێکە هیچی دەربارە نازانم.

کە پاصەکە دێت، لیزا داوام لێئەکات لەگەڵیا برۆم، من ئەڵێم نا. حەزئەکەم بگەرێمەوە کونجە بچکۆلانەکەی خۆم، بە تەنیا خەونێ ببینم. کە پاصەکە ئەروات؛ من و تەنیای و سەرما بەرەوماڵ دێینەوە.